ئارام هەورامی

2004/9/18

ئەمڕۆ ناوی شەهیدانتان زڕاند

دوێنێ سروودی ئەی ڕەقیبتان سەربڕی

زڕاندنی ناوی شەهیدان، شەهیدانی ڕێگای دیموکراتی و شەهیدانی ڕزگاریی کوردستان، شـەهیـدانی هـەر بزوتنـەوەیـەکـی ڕەوا، بەکارهێنانی  ناوی شەهیدان بۆ کێشەیەکی تایبەتی، لە قازانجی کێیە؟

**کوردستانپۆست** خۆی و ئەو نووسەرانە بێنرخ دەکات کاتێ وەک یـەک تـەماشـای شـەهیـدانی بـەکرباپـەف و خۆفرۆشـێکی وەک تەحسین شاوەیس دەکات کە مێژووی لە خۆفرۆشیدا چەقیبوو. تەحسین شاوەیسێ کە بێجگە لە نۆکەری، کاری تری نەدەزانی.

**سایتی کوردستانپۆست**، دیارە بڵندگۆی داگیرکەرانی کوردستانە، کاتێک نووسینی نووسەرێکی قەڵەمنزمی ڕژێمە ڕووخـاوەکـەی بەعس هێرش دەکاتە سەر گیانی پیرۆزی شەهیدان، بڵاو دەکاتەوە.

**کوردستانپۆست** چۆن ماف بە خۆی دەدات کە سـووکایەتـی بـە گیـانی پـاکی شـەهیـدانی بـەکرباپـەف بکـات، لـە کاتێکدا ئـەو پۆلەگەنجە بەگژ دڕەندەترین سوپای ڕژێمی بەعسدا دەچوونەوە.

بە کام ویژدانەوە **تەحسین شاوەیسێکی کوردستانفرۆشتان** کردە شەهید و گیـانی 250000 شـەهیـدی ئـەنفال و هـەڵـەبجـە و بادینان و قەرەداغ و گەرمیانتان بەرقی ڕەشتان پێشێل کرد؟

کاتێک ئەو ژەهرە نووسینەتانم بەرچاو کەوت، ڕۆژانی ئەنفالم بیر کەوتەوە، جاشە خۆفرۆشەکانم هاتەوە یاد کە بۆ کوردکوشـتن و تاڵانی، لەشی خۆیان دەکردە سەنگەر بۆ سوپاکەی بەعسی فاشیست..

چی بەدایکانی شەهیدان دەڵێن؟ کاتیک ناوی کوڕە قارەمانەکانیان سووک دەکەن، کاتێک ناوی خۆفرۆشیک دەکەنـە شـەهیـد و نۆکەری داگیرکەرێک دەکەنە قارەمان ؟

لە نێوان نۆکەرێکی بێگانە و نووسەرێکی نیشتمانفرۆشتدا هیچ جیاوازییـەک نـابینم، یـەکـەمیـان خـوێنی گـەلـەکـەی دەفرۆشـێ، دووەمیان ناوی نیشتمانەکەی بۆ داگیرکەران ئەنفال دەکات، هەردووکیان خۆفرۆشێکی ملکەچن.



کوردستانپۆست 2004/09/17

## لێبوردننامە بۆ
## کاک حەمەسەعی حەسەن و شەهید تەحسین شاوەیس

داوای لێبوردن لە کاک حەمەسەعی حەسەن و شەهید تەحسین شاوەیس دەکەین.

ئێمە حەڤدە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بووین..لە گوندی بەکر بایەف پاش شەهیدکردنمان لاشەکانمان لە هێلکۆپتەر بەردرایە خوارەوە...

کاتی خۆی وامان زانی کاک تەحسین ئێمەی شەهیدکردوە، بەڵام لەم ساڵانەدا، بەهەوڵ و ماندووبوونێکی بێ وچانی بەڕێز خوای گەورە کە هێڵی ئەنتەرنێتی گەیاندە گۆڕەکانمان، هەروەها کاتێ نوسینەکانی کاک حەمەسەعی سەحاف بیورن (حەسەن) و بیرەوەرییەکانی باوکی بەڕێزم ـ مەلا ئەحمد بانیخێلانیمان خوێندەوە کەسیان باسی کاکە تەحسین ناکەن، باس هەر باسی جەلالییە، بۆیە بۆمان دەرکەوتووە ئەوە مامە ڕیشە بوو ئێمەی شەهید کرد و پاشان هەر ئەو مامە ڕیشە تاوانبارە بوو کە (کاکە تەحسین)یشی شەهید و جوانەمرگ کرد.

*شەهید/ سەرباز مەلا احمد بانیخێلانی و شازیە شەهیدی کارەساتی بەکر بایەف*